# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە
دەرەوەی وڵات 1984-1998

(13) هەڵوێستی ئازاد:
بیر و رای خوێنەران دەربارەی بانگەوازی کۆنگرەی گەلی کۆردستان
هەڵوێست ژمارە 4- 1984

بنووسە، بپرسە، مەترسە
دوو ووشەی شیعری جوانت بەسە

ئەمە راسپاردەی گۆرانی نەمرە. ئێمەش لە بڕوای پتەومانەوە بە ئازادی بیروڕا، لەو هەڵوێستەوە کە بەبێ ڕەخنە و ڕاوێژ و گفتوگۆ و لێدوان، هیچ بیرێك، هیچ بابەتێك، هیچ پرۆژە و پەیامێك سەرناگرێ و پێشناکەوێ و لە ناو دڵ و مێشکی جەماوەردا جێی خۆی ناکاتەوە؛ لەم ژمارەوە یەکەم لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان بۆ سەرنج و ڕەخنە و بیر و ڕاو هەڵوێستی ئازایانە و ئازادانەی خۆێنەرانی بەڕێز تەرخان دەکەین. دوو هەزار ساڵ زیاتر لەمەوبەر زانایەکی یۆنانی نووسیوێتی: هەر کەسێ بیر و ڕایەکی هەبێ و دەرینەبڕێ نیوە مرۆڤە... ئێمەش هاوار دەکەین: براو خوشکی کوردم ڕازی مەبە نیوە مرۆڤ بی. بنووسە، بپرسە، مەترسە. چیت لە دڵایە دەری بڕە. چ ڕەخنەیەکت هەیە بیگرە، با دیواری بێدەنگی بڕوخێنین.

---

چەند سەرنجێك
د. سەرکەوت - بەریتانیا

بانگەوازەکەتانم بە ووردی خوێندەوە و بە هاوارێکی پڕ هەستی نەتەوایەتی ساغ و بە بەرژەوەندیم هاتە بەرچاو. ئەم هاوارە لە دڵێکی سافەوە هەڵقووڵاوە و تەنیا

یەك نیشانەی خستۆتە بەرچاو و ئەویش چارەنووسی میللەتەکەمانە. هەموو خاڵەکانی ئەم بانگەوازە ڕاست و درووستە. ئەوەی لەم بانگەدا بە نوقسانی ئەیبینم ئەوەیە کە داوا ئەکات لە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەشداری تیا بکەن! من ئەمە بەشتێکی سەیر ئەبینم. ئەو پارت و ڕێکخراوانە یەك یەك تاقیمان کردوونەتەوە و (تجربة)مان لەگەڵیانا هەیە و هەموویان لە تاقیکردنەوەدا هەڵهاتوون. تا ئێستا یەکێکمان نەدی بەرژەوەندی کوردستان بخاتە سەرو بەرژەوەندی تەسکی خۆی جگە لە شەڕی براکوژی و خۆپەرستن و (زعامة) بازی. کەسیان درێغیان نەکردووە لەوەی دەست بخەنە دەست دوژمنانی کورد یان ببنە نۆکەری بێگانە. ئەم پارتە سیاسییانە و ئەو سەرۆکی ڕێکخراوانە قەد بەشتێکی زۆری نازانن هەزاران گەنجی خوێن گەرم بە کوشتن بدەین یان هەموو بە فرۆشتن بدەن بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان. ئەنجا ئەمانە حاڵیان وەها بێت، چۆن دێنە کۆنفراسێك پێکەوە دانیشن و بە یەك دەنگ قسە بکەن. ئەمانە هەر یەکیکیان ئەوەی تریان بە (خائن) و میللەت فرۆش ئەداتە قەڵەم. وە لەسەر ئەم ئەساسە سەدەها پێشمەرگەی دڵ سافی خوین گەرمی هەناسە سارد ئەنێرنە شەڕی براکوژی و خۆ فەوتان.

لە بانگەوازەکەدا، یەك خاڵم بەشتێکی (عملی) زانی ئەویش بەشی (ب) لە ماددەی (4): لەڕووی مرۆڤایەتییەوە. ئەمە زۆر پێویستە لەم ڕۆژانەدا و دروستکردنی ڕێکخراوی نا سیاسی بۆ بەرگری لە مافە مرۆڤایەتییەکانی ئینسانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەنگاوێکی یەکجار زەرورییە و نابێت لەمە زیاتر دواکەوێت. دروستکردنی (منظمة الدفاع عن حقوق الأنسان في کوردستان) پێویسیت بە بەشداری کردنی پارتە سیاسییەکان ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە: تا دوورتر بێت لەم ڕێکخراوانە، سەربەستر و بەڕێزتر ئەبێت. ووتەکانی بەنرختر ئەبێت و قسەی لەناو ئەنجومەنە جیهانیەکاندا باشتر ئەخوات. بۆ دروووستکردنی (منظمة)یەکی وەها، من بەش بە حاڵی خۆم، گەورەترین پێشوازیتان لێ ئەکەم و ئامادەیی خۆم پێشان ئەدەم بۆ هەچ جۆرە یارمەتییەك و بەشداربوونێك. لە کۆتاییدا تەمەنا ئەکەم سەرکەووتووبن لەو ڕێگەیەی داتاناوە لە بانگەوازەکەتانا و بەسەر کۆسپ و قیرتەکاندا و قۆناغەکانی بە گورجی ببڕن بۆ ئەنجامێکی نەختێك ڕووناکتر و کەمێك بێ غەم و ئەشکەنجە.

(سەرکەوت)

سەرنج و بۆچوونێك

بەڕێزان لە ناخی دڵمەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ ئەکەم بۆ پێشکەش کردنی ئەو پرۆژە بەنرخەی کەوا ئەزانم ئاواتی هەموو کوردێکی چەوساوەو هەست بە ئازارە بۆیە هەوڵ دان لە پێناوی ئەو مەبەستە پیرۆزەدا هەموو جۆرە خەباتێکمان بە ئاوات ئەگەیەنێ یان با بڵێین نزیکمان ئەکاتەوە لە ئاواتە گەورەکەمان کە ئەویش کوردو کوردستان و چەوساوەیە. بێ گومان پێخۆشحاڵم بەوەی هەموو کەسێك لەئاستی بیرکردنەوەی خۆی و دڵسۆزیی و پاکیی بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە راستگۆیانەو دڵسۆزانە بۆچوونەکانی خۆی بە ئێوەی بەڕێز بگەیەنێ. ئەوا منیش لێرەدا لەو روانگەیەوە بەپێی توانای خۆم و هەرچەندە زۆر بچوکم لەئاستیدا. بەڕێزان: راستە دەستتان داوەتە کارێکی هێجگار قورس و هێجگار دڵسۆزانە، جا ئەگەر هەموو لایەك بەو گیانەوە نەیەتە پێشەوە وا ئەزانم هیچ شتێك بەدەست ناهێنن و ئەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کارەکە زۆر گرانە. بەلآم مستحیل نیە هەر وەك خۆتان ئەڵێن هەندێ کەس بۆ ئەوەی هەوڵی مەردانە نەدات بۆ ئەم کارە، یەکسەر ئەڵێت: هەی هوو هەی هوو، ئەمە ناکرێت. بەلآم ئەوە هەرگیز لە جێگەی خۆیدا نییە. بەلآم تەنها ئەمەندە پێویستە دەست بۆ هەموو کۆسپەکان راکێشێت و لەهەمان کاتدا چارەسەریشیان بۆ دانێیت، و زۆر شتیش هەیە ئەکرێت بەقوربانی شتە گەورەکان. خۆتان زۆر بە تێرو تەسەلی کارەکەتان هەڵسەنگاندووە، وابزانم پێویست بە ووتنەوەی ناکات، بەلآم لێرەدا ئەوەندە ئەمێنێتەوە چۆن کاری بۆ بکەین و چ رێگەیەك باشترە لەوی تر؟ وەچۆن ئەگەین یاخود ئەچینە سەر ئەورێگایەی لەو ئاواتە گەورەیەمان نزیك ئەکاتەوە. ئەوەی لێرەدا پێم خۆشە زۆر رەچاو بکرێت ئەوەیە باری ئابووری و سیاسی کۆمەلآیەتی ناوچەکە ئەمجا سەرباری هەمویان بەشەکانی کۆمەڵ و دابەشبوونی خاك و میللەتەکەمان لەم روانگەیە سەیر بکەین و کاری بۆ بکەین زوو تر بە ئامانج ئەگەین، خۆ لە یادمان ناچێ بەرژەوەندی ولآتە داگیرکەرەکان، ئێمە چاك ئەزانین چارەنووسی هەموو چەوساوەو زۆرلێکراوانی جیهان یەك چارەنووسەو خۆیان لەیەك شتا ئەبیننەوەو زووربەی میللەتەکەمان لەم چەوساندنەوەیە بێ بەری نییە بۆیە ئێمەش هەست بەو ژانە ئەکەین. بەلآم نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کە هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان لەگەڵ جۆراو جۆری حوکمڕانەکاندان و واتە جۆری خەباتی هەموو بەشێك لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا جودایە. بەلآم هەموومان یەك ئەخاتەوە لەسەر یەك رێ. ئالێرەدا ئەڵێم زۆر زۆر گران ترە هەموو بەیەك بۆ چوونەوە بەرەو ئەم کاری هەرەوەزییە بچین. بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خۆمانی لێ بدزینەوەو تەمەڵ بین لەئاستیدا. ئەوەی من پەی پێ بەرم و بتوانین کارێکی مەردانەی بۆ بکەین تەنها ئەوەندەیە کۆمەڵێ خەڵکی لێ وەشاوەو شارەزاو پسپۆڕی سیاسی و ئابووری دوور لەهەموو نیازێکی خۆپەرستانەو مەبەستێکی تایبەت و زۆر شتی

کە، دەست نیشان بکرێن لە لایەن زۆربەی زۆری پارت و ڕێکخراوو خەڵکی هەمووو کوردستانەوەو هەموو دەستەڵاتێکیان بدرێتێ بۆ ناسینی کوردو کوردستان لە هەمووو جیهاندا بەو نیازە پاکەی کە میللەتی کورد تەنها میللەتێکە لەم جیهانەدا وا بەش خوراو بێت و ئەم کارەش بەرای من پێویست ناکات نوێنەری هەموو ئەو ڕێکخراوو پارت و کۆمەڵی تێدا بێت بەوەی کە خۆتان چاك بۆی چوون بیر لەوەبکرێتەوە ئەمە گەورەییە یاخود خۆ تواندنەوەیە....... هتد. تەنها ئەمەندە بەسە بۆ ئەوەی کارێکی وا بکرێت هەندێ کەس دابنرێت ئەو کارانە بکەن و هەچ کارێکیان نیاز بوو بڵاوبکرێتەوە. وە هەوڵی ئەوە بدرێت فایلی کوردیش بکەوێتە بەرچاو، هەرچەندە ئەمە شاراوە نییە لە هەموو جیهاندا، بەڵام تەنها ئەمەندەیە هەموو دنیا ئاگاداری ئەوەن کورد نە نووستوە ئاگای لە هەستێکی دنیا هەیەو ئێمەش هەستمان بە زۆرلێکراوی خۆمان کردووەو خەباتێ بۆ ئەکەین، ئەمە کارێکە لەو کارانەی کەزۆر تعقید نیەو هیچ کەسێك نکولی لەمە ناکات. یانی تەنها مەبەستم ئەوەندەیە چاوەڕوانی ئەوە نەکرێت هەموو لایەك کۆببێتەوەو ئەوجا کاری بۆ بکرێت چونکە ئەو کارە خۆی لەخۆیدا بەرای من ئەبێت لەناو وولاتەوە بکرێت وەك ئەش زانین هەوڵی بۆ دراوەو بەئەنجام نەگەیشتووە. جارێکی تر پیرۆزبایی بە ئومێدی سەرکەوتن. خولە بەریتانیا.

==================

دەربارەی بانگەوازەکەتان

پاش سلاوی ووشەی شەرەف، کاری چاکە، هەوڵدان، نووچ نەدان سوور بوون، سەرکەوتن. من وا تێدەگەم گەر مرۆڤ لەپێناوی مەسەلەی بەرزو پیرۆزدا خەبات بکات، لە پێناوی خودەکانی یەك بووندا، لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامرازی کاردا، لە پێناوی شیکردنەوەی گوزەرانی سروشت.... چینایەتی، قۆناغ.. لەهەر کوێیەك بێت ئەتوانێ.. هەروەکو ( لیس للعمال وطن).... رابەرە گەورەکانی کرێکاران لە هەر کوێیەك بوو بن درێغییان نەکردووە، لە سوئێد بۆ سوئێدییان نووسیوەو لە ئەڵمانیا بۆ ئەڵمانی و هەروەها... چونکە مەسەلەی کرێکاریش مەسەلەیەکی ئینترناسیۆناڵە، کرێکاران وەك چینێك، یەك هێزی جیهانین و پەیوەستن بەیەکەوە، دژ بە دوژمنە گەورەکەیان کە سەرمایەیە، جا لە هەرکوێ بن ئامانجیان هەریەکە ئەویش بنیات نانی سۆشیالستی یە... ئەمڕۆ گەر بە ووردی ببینەوە دەبینین کەوا چینی چەوساوە لە ڕاپەڕیندایەو جڵەوی خەباتی گرتۆتە دەست و شۆڕشی ڕزگاری لە چوارچێوەی خۆی قاڵداوە، بەڵام ئەوەی کە هێشتا کزیی ئەو خەباتەی پاراستووە هۆشیا ڕنەبوونەوەی جەماوەری کوردستانە، ڕاست نەبوونەوەی زەحمەت کێشە، هێشتا ئەو مستە کۆڵەیەی کە دوژمنان داویانە بەسەرماندا لە بەرواری مێژوووەوە هەر بەجێییەو ئازاری هەیە.. کە ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە سەرمایەدارەکانی کوردستان نایانەوێ لە خێرو خێراتی خۆیان ببن بۆیە هەر چۆنێك بێت دەوری خۆیان لەو شۆڕشەدا دەهێننە خوڵەمێش.. ئەمڕۆ شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی و شۆڕشی پرۆلیتارو شۆڕشی گەلانی بن دەست لەناو شاڵی هەست و ئازارو چەوساندنەوە

بەکەم گرتن و ڕەتانەوەو دیق کردن و برسێتی یەوە دێتە کردن و جەماوەری هەژار دوای دەکەوێ و کرێکاران رابەری دەکەن. ئیتر بمانەوێ و نەمانەوێ هی زەحمەتکێشانە، هۆشیارکردنەوە بە روونکردنەوەی سروشتی کۆمەڵایەتی دەبێت.. بە شیکردنەوەی ژیانی مرۆڤایەتی. بە نیشاندانی باری ئابووری جەماوەر. ترێ لە کوێ باش بەرهەم دێت؟ برنجی بازیان بۆ پارە باشتر دەکات؟ تووتنی شارەزوور بۆ رەواجی زیاترە؟! کڵاشی هەورامان بۆ وا گران بووە؟ بۆ کرێ خانوویەکی سێ ژووری ئەوەندە بەرزە؟ دوایش دوژمن کێیە؟ دۆست کێیە؟! پاشان ( فیکرە) دوو رێبازی هەیەو نابن بە سیان: 1) فەلسەفەی ماددی. 2) فەلسەفەی میسالی، کە هەریەکەیان زۆرە تیروانینێکیان هەیەو گۆشەی ( 180) دژ بە یەکترن... نییە ئەمڕۆ لەم جیهانەی من و تۆدا کە سەربەیەکی لەوانە نەبێ: یان ماددی یە و یان میسالی یەو هیچی تر نییە... جا روونکردنەوەی ئەو دوو بابەتە بۆ جەماوەر زۆر پێویستە. ئەوەتا ئەمڕۆ هەموو دەبیبستین کەوا لەناو کرێکاری کانەکانی بەریتانیاداو نەقابەکەیاندا ( NUM) چی یە و بۆچی مان دەگرن؟ مەسەلەکە لە بنچینەدا پارە زیادکردن نییە، بەڵکو جیاوازی نێوان سەرمایەدارانی NCB و رژێمی ئابووری نابووت لەلایەکەوە و کرێکارانی چەوساوە لە لایەکی ترەوە.. خۆ ئەوانە چەوسانەوەی نەتەوایەتییان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەی فیکرییە گرنگترە وای کردووە مەسەلەی ئیرلەندەی خستۆتە ئەولا ترەوە... نەخۆشییەکی عەبەی کرێکار و حەمەی جوتیار هەر بەو ڕێگەیە دەخرێتە بەردەم و دکتۆری ناوجەرگەی سروشت چارەی بۆ دەدۆزێتەوە... جا ئەگەر ئێمە لەم مەسەلە بنچینەییانە بە دوور بکەوین و هوشیار بوونەوەی ئەوان بە زامن کەرەوەی سەربەستی بوونمان ئەزانین ئەوا بورژوازی نیشتمانی کە ئێستا بە بەشێك لە خەباتگێران دادەنرێن ئەوا دەکەونە سەر ملمان و دەمان قۆزنەوە... واتە ئەو بورژوازییانەی لە بارەی ئابوورییەکەوە بەرژەوەندییان دژی ئیمپریالیزمە، لە ناهاوتایی گەشەکردنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵە، لە دواکەوتوویی ئابووری وڵات ئەنجامی دابەستەیی‌یە نا ڕازییە و لەپێش بڕکێی نێوان وڵاتە ئیمپریالیستەکان و مۆنۆپۆلەکانی ناوەوە، ئەوە خۆی لە خەتەردا دەبینێتەوە. لە بارەی ڕامیاریشەوە، خواستی وەکو خواستی زۆربەی کۆمەڵی زەحمەتکێشان وایە... بە پێی ئەم پێناسەیە ئەو کردەوانەی ئەوان ئەمڕۆ هەمووی بەرەو ڕووی پوچەڵ بوونەوە دەچێ..

بەڵام ڕۆژی دێ گەر (ماوە دەکێشێ) ئەو شتانە زۆر سادە دەمێنێتەوە و ئەوەی ئێمە بۆی هەوڵ دەدەین دەبنە سەرەکی و ئاواتی هەموو مرۆڤانی خۆماندووکەر بۆ ئەو مەبەستە دێتەدی و ڕەنگ دەداتەوە.

چەند خۆش دەبوو گەر ئێستە هەموو لەناو قەدی چیا بۆ چیا و دۆڵ بۆ دۆڵی کوردستاندا بووینایە و ئەو بانگەوازەمان بگەیەندا یە هەموو مرۆڤێك چ ڕۆشنبیر، چ چەوساوە، چ خوێندەوار، چ پێشمەرگە، چ سەرمایەدار و ئاغا و دەرەبەگ و بۆمان باس بکردنایە چییە سوودی و چییە زیانی، لە ڕوانگەیەکی زانستیانەوە، بۆچی ئێمە باسی مێژوو دەکەین؟ بۆجی وڵاتە سەرکەشەکان بە لاپاڵ دەزانین؟ بۆ ئەو مەسەلەی باس دەکەین؟ ئەو کاتە خۆش تر دەبوو و زیاترد گڕی دەبوو.. با ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە لە کوردستانیشدا زۆر کاری وا هاتۆتە پێشەوە بەڵام بە سەرپەرشتی لایەك بووە لە لایەنە ڕێکخراوەکان،

نەك وەكو ئەمە كە سەربەخۆیە لە ڕووی ڕوخسارەوە. ئێستاش هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدایەوە و دەتوانین بە یاریدەی مرۆڤانی قۆڵ هەڵکەر ئەو کارە جێبەجێ بکرێ و لە چواردەوری مۆمی کوردستانی یەك پارچە کۆببینەوە و ئاژانسی دەوڵەتان بخەینە بەینمانەوە و ناوبەناو بۆیان بگۆڕینەوە سەر زوبانەکەیان و بۆمان ئیمزا بکەن، ئێمە لە هەردوو ڕووەکەوە 100% چەوساوەین و ئاواتەکانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی ڕاپۆرتەکانیدا برەخسێنین و بمان ووژێنن.

بەڵام با ئەمەش لە یاد نەکەین کە هەموو لایەن کوردستانییەکان چ پارت و چ ڕێکخراو، چ کەسە ڕۆشنبیرە بێلایەنە ڕۆشنبیرەکان چاك دەزانن و شارەزای مێژووی دێرینی گەلن. ئەوەتا هەموویان باسی نەك (150) ساڵ بەڵکو بگرە (2000) ساڵ پێش زاینیت بۆ دەگێڕنەوە.. شۆڕشەکان، سەرکەوتنەکان، لێدانەکان، کاوەی ئاسنگەر و، دوانزە سواری مەریوان و شێخی عازەبان و شێخ مەحمود و قازی و پیران و بارزانی و زۆری تریش کە هەریەکەیان لە مێژوویەکدا جەنگاون بۆ رزگاری کوردستان، هەمووشیان نەخشەی کوردستانت بۆ دەکێشن و یەك لە یەك چاترو گەورەتر، بەڵام لەمانە گرنگتر لایەنە فیکرییەکانی ئەم مەسەلەیە. ئێمە گەر بڕوامان بەم کارە بێت ئەوا بە دڵێکی فراوان و بازوویەکی ئەستوورو هێزێکی بێ پایان و بیرێکی پڕ بە پڕەوە دەچینە ناویەوە و خۆمان دەخەینە گەڕ تا شتێ بەستێ دەکرێ و کۆنگرە هاوار دەکات، بڕوای گەورەمان بە ژیانە، بە مرۆڤە، بەو منداڵانەیە کە ئێمڕۆ لە دایك دەبن و لە سەدەی بیست و یەکدا تەمەنیان سەرتوێژی شانزە دەبێت. من وەکو مرۆڤێکی کوردی زەحمەتکێش هەردەم ئامادە بووم و ئامادەشم بۆ هەموو داچانێك و ڕاچانێك کە دەکرێ بۆ شەبەق بە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان. هیوادارم گەر لە ئەلفەوە تاکو... چ پێویستییەکتان بەمن دەبێ بۆ سەرخستنی ئەو کارە، ئەوا من بە هەموو توانایەکمەوە ئامادەم و هاوڕێیانم دەخەمە گەڕ بەپێی توانایان. بەڕێزانم مێژووی کورد دوورو درێژە، ئێوەش بەشێك دەبن لەو مێژووە.. جا قۆڵی خەبات و ئازایەتی و چەوساوە هەڵسێنەری لێ هەڵکەن، با بەشێکی شۆڕشگێڕ بن، چونکە خاباتگێر لە شۆڕشدا دەردەکەوێ و لە بەرواری کارکردنیدا ڕەنگ دەکرێ و جم و جۆڵی ماددی لە دەور کۆدەبێتەوەو ئەو کاتە هەموو دەڵێن ڕەنجدەرن و شۆڕشگێرن. هەروەها ئەو بانگەوازەش لایەنێکی مرۆڤایەتی تۆمار دەکات و شەقامێکی فراوان دەبێت بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕشی هەموو کوردستانی گەورە بە دنیای دەرەوە گەر بێت و سەربازانەو شۆڕشگێڕانە هەموو لایەنەکان بە دەنگییەوە بێن و سەپۆرتی بکەن و لە خزمەتیا هەوڵی تەواوو پڕ بەپڕ بدەن. ئاوات دەخوازم کە هەموو کوردێکی خاوەن بڕوا، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری دڵسۆز، هەموو روناکبیران و لایەنگیرانی ناوی پرۆلیتار، بە سنگێکی فراوانەوە هەروەکو چۆن لە ڕێبازو باوەری هەریەکەیاندا یەك بوون و یەکسانی و سەرکەوتنی چینی چەوساوە و سیستەمی دیموکراسی... لە سنگ گرتووە، بەرەو سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە بکەونە ڕێ و هەنگاو بنێن و هەستی تەواوی پێ بکەن و مەوقیفیان هەبێ بەرامبەری.

عبداللە

بەریتانیا

رایەك

دەربارەی بانگەوازەكەتان بەراستی شتێكی راست و درووستە لە ناوەڕۆكدا بەڵام ئاخ، خۆزگە مرۆڤی كورد بەتێكڕایی وەكو ئامادەیی تیایە كە نۆكەرێتی بێگانە بكات یەكسەری ئەوە ئامادەیی تیا بوایە خزمەتی خاك و نەتەوەی خۆی بكردایە.. بەڵام هەر هەوڵێك یاخود تەقەلایەك گەورە بێت یاخود بچووك بۆ رێكخستنەوەی ریزەكانی میللەتی كوردی ژێر دەستە بۆ تێكۆشان شان بە شان دژی داگیركەران واجبێكی تأریخی هەموو ڕۆڵەیەكی كوردە، كوردین پێس ئەوەی هەر شتێكی كە بین. بیرو باوەڕ بۆ خزمەتی میللەت نەك بۆ خزمەتی خۆمان. پاكی، دڵسۆزی، قارەمانێتی پیاوەتی و ئازایەتی ئەمانە صیفەتی نموونەیی ئەوانەن كە خزمەتی میللەتیان دەكەن، نەك خۆخستنە باوەشی دوژمن لە پێناوی لێدانی یەكترو كورد بەكوشتن دان یەكتری و لاوازكردنی هێزی پێشمەرگە كە (چقڵی چاوی دوژمنانە). هیوام وایە كە بانگەوازەكەتان بانگەوازێك بی بە گوێچكەی منداڵێكی ساوای كوردا بخوێندرێت و بزانێت كە مێژوو، دوژمنانی داگیركەر چ كارەساتێكیان بەسەر ئەم میللەتە هەژارەدا هێناوە.. ئازادیخوازانی كورد كە قوربانیان داوە بۆ كێشەی نەتەوایەتییان هەست بە هەستتان دەكەن و دوور لە هەلپەرستان و خۆفرۆشان كە بە رۆحێكی هەست بە زل كردنەوە دەیخوێننەوەو خۆیان وا پیشان ئەدەن بەڕواڵەت كەشتێكی چاك و پەسندەو احتمال هەیە زۆر تأیدیشی بكەن بەڵام لە دڵدا رق و كینەیان بەرامبەر رۆلەیەكی كورد هەیە كە هەستی بەوە كردووە رۆژی ئەوە هاتووە یەك بین و ریزەكانمان یەك بخەینەوەو دژی دوژمنان خەبات بكەین.. لەبەر ئەوە زۆر بە دڵسۆزییەوە پێتان ڕائەگەیەنم كە دۆست و دوژمن بناسن.. با بچینە ناوەڕۆكی ئەو مرۆڤانەی كە پرس و رایان پێ دەكەین و رازو نیازی خۆمانیان پێ دەڵێین، ئەو كاتە ناكەوینە هەڵەوە... با بزانین كێ دڵسۆزە.. كێ هەلپەرستە.. كێ خۆفرۆشە.. بیانخەینە ناو (كەتەگۆری) خۆیانەوە.. ئەو كاتە ئەتوانین یەكێتی ئەتوانین هێزمان هەبێت دژی دوژمنی داگیركەر.

یەكێتی تەنیا بۆ دڵسۆزانی كوردستانە. مامەیارە. بەریتانیا

---

ئەز بە هەموو تواناو فیكرو هۆشەوە بۆ كۆنگرەی گەلی كوردستان خەبات دەكەم، تا كەی بەم جۆرەی جاران و ئێستا دژ بە داگیركەرانی كوردستان بجەنگێین؟! زۆر بە ووردی بۆ مەسەلەكە چوون: لە مێژە كورد پێویستی بە چەترێكی كوردستانی هەیە بۆ درووست كردنی بوونێكی ئینتەرناسیۆناڵ. Identity International بۆ ئەوەی بتوانین مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی كوردمان وەكی مەسەلەی( یەك نەتەوە، یەك خاك) بەجیهان بناسێنین.

بەختیار

نەمسا

===================

دەربارەی بانگەوازی لە پێناوی بەستنی کۆنگرەی گەلیی کوردستان، پیم وایە ئەمە بۆ یەکەم جارە هەنگاوێکی وا بنرێت، بەو هیوایەم هەموو کۆڕو کۆمەڵێك و تاکێك بەدڵێکی فراوانەوە بۆ مەبەستە سەرەکییەکە کە مەسەلەی نەتەوەیەکە هەرەشەی نەمانی لێ دەکرێت، دەنگیان یەك خەن و کۆببنەوە لەو سنوورەی لەو کۆنگرەیەدا دەستنیشان دەکرێ... ئەوەی لە ئاستی خۆمەوە پێم بکرێ ئامادەم بۆ ئەو مەبەستەو دەنگم لەگەڵتانە. ئەم دوو خاڵە لای من زیاتر سەرنج رادەکێشێ:

1) پێم وایە بەرنامەی ئەو کۆنگرەیە ئەوەندە ووردبکرێتەوە بۆ ئەوەی هیچ کۆڕو کۆمەڵ و تاکێك رێگەی نەدرێ لە سنووری ئەوە بچێتە دەر..

2) رەچاوکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و رێزلێنانی دەورێکی باڵای هەیە.

دیاری

بەریتانیا

====================

خۆ خەریك کردن بە درووست کردن یان گرتنی هەر کۆڕو کۆبوونەوەو کونفراسێك لەو بابەتە یان لەهەر بابەتێك لەو بابەتانەی کە لە پێویستییەکانی نەتەوە بێبەشەکان لە هەموو مافە رەواکانی خۆی.. لە سنووری برشت و پێزی خۆیا کەڵکمان پێ ئەگەیەنێ.. بۆیەکی من لای خۆمەوە وەك کوردێکی هەست کردوو بە داگیرکردن و کاول کردنی خاکەکەم.. بۆ فرمێسك و هاوارو زۆر لێکردن.. لە نەتەوەکەمان، ئەڵێم:

زۆر بە ئامادەییەوە و بەو پەڕی تواناوە، بۆ هەرکارێکی وا پیرۆز، پێویستیتان بە من بێ ئەوەبێ سێو دوو کردن و لەدڵ دان هاوبەشی تیا ئەکەم.. واتە ئامادەیی خۆمتان پێسکەش ئەکەم دەربارەی یارمەتی و پێویستییەکانی بانگەوازەکەتان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارە پێویست و پیرۆزە.

ئەدەب دۆستێك

هۆڵەندا

==============

دەربارەی بانگەوازەکەتان

بەڕاستی گۆڤاری ( هەڵوێست) مایەی دڵخۆشکەریی هەموو رۆشنبیرێکی کوردە، بەڕاستی من ژمارە-2- ی هەڵوێستم خوێندەوە شتی بە سوودی زۆر تیایە، بە تایبەت ( لە پێناوی کۆنگرەی گەلی کوردستان دا، لە پێناوی کوردستانی سەدەی بیست و یەکەمدا) بەڕای من ئەوە لە هەموو شتەکانی کە بەسوود ترە، چونکە ئەگەر گۆڤارە بەنرخەکەتان هەر ژمارەیەك هەندێك لەسەر ئەو کۆنگرەیە بنوسێ، لەوانەیە سەرکردایەتی پارت و رێکخراوەکان تۆزێك بەخۆیانا بچنەوەو هەر هیچ نەبێ کەمێك تەماعی کورسییەکەیان کەم ببێتەوە، هیوایەك هەیە کە لێك نزیك ببنەوە من وا ئەزانم کە زۆربەی لێك جیابوونەوەی پارت و رێکخراوەکان یاخود شەڕی چەکدارانە زۆر جار لە بەینی یەکدا لەسەر مەسەلەی ( شخصی) یاخود هەر دەم و چاو یەکتر خۆشنەویستن بووەو مەسەلە بنچینەییەکە پێ شێل کراوەو دەیان رۆڵەی ئازای کورد کە رژێمە داگیرکەرەکان

بەسەدان هەزار دیناری داوە بۆی نەکوژراوە بەڵام خۆمان خۆمان بەدەستی خۆمان کوشتومانەو خزمەتێکی ناڕاستەو خۆی Indirect دوژمنانمان کردووە، بەبێ ئەوەی خۆشمان هەستی پێ بکەین، جا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوانەی ئەمڕۆ لە ئاستی لێپسراوی دان بیربکەنەوە هێشتا نەخۆشییەکەمان هەر چار ئەکرێ و نەگەیشتۆتە سەر ئێسقان کە بێ چارە بێ.

بەڕاستی ئەگەر میللەتەکەمان لە هەر هەموو پارچەکاندا ئاگامان لە یەکتر بێ، بێ گومان چارەسەرەکانیش ئەکەونە بەرگێکی ئاسان ترەوە، بەڵام جێگەی داخە وا گەیشتنە سەدەی بیست و یەکەم، بەڵام هێشتا لە کوردستاندا لە زۆر شوێن دەوری کۆیلەیەتی هەرماوەو داوای کوردستانێکی سۆشیالیزمیش ئەکەین و خەونی پێوە ئەبینین. جا بۆیە نووسینی ئەو بابەتانە جێگای دڵخۆشکەریی یەو هیوایەك ئەخاتە دڵەوە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بە تایبەت رۆشنبیرەکان بەجۆرێکی نوێ بیربکەنەوە.

بەڵام لەو باسەدا شتێك سەرنجی منی راکێشاوە ئەویش ئەوەیە:

1) ( گەلی کوردستان) مەبەستی بەرێزتان تەنها گەلی کوردە؟ یاخود ئەو کەمە نەتەوایەتی یانەش کەوەك ئەرمەنی یەکان، ئاسوری یەکان.... هتد.. ئەوانەش هەر بە کوردستانی دائەنرێن؟ مانای ئەوەیە کە گەلی کورد لە کوردستان بە تەنها نییەو بەڵکو گەلانی دیشی لەگەڵدایە.

2) ئەمەوێ شتێکی کە روون بکەمەوە ئەویش لە ( پێشەواو کۆماری کوردستان، چەندان بەڵگەو راستی) نوسینی: داسوو. نازانم کاك داسوو خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانە کە ئێران داگیری کردووە؟ راستە ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین کە ووشەی بێگانە لە زمانەکەمان پاك بکەینەوە بەڵام زۆر ووشە پڕ بە پێستەکەی بۆمان نادوزێتەوە هەندێك جارێك ووشەی بێگاه وەرئەگیرێت لە کوردی دا نی یە بۆ نموونە: الهلال الخصیب، ئەڵێین مانگی نوێی بەپیت یاخود القسم الداخلی بەشی ناوخۆیی. لەوانەیە ووشەیەك بە رێك و پێکی نەبێ بەرامبەریان بەڵام ئێمە یەکسەر ووشەکەمان وەرگێراوە. لەوانەشە زۆر شت هەیە کە لەناو کورد دا نییە چونکە کورد خۆی دروووستی نەکردووەو لە پیشەسازی دا پێشکەوتوو نەبوون چونکە هەمیشە ژێردەست بووین، نەمان بووە بەڵام ناوەکەمان وەرگێڕاوە لە زمانی ئەو رژێمانەی کە داگیریان کردووین، وەك ثلاجە: لە کوردستانی عیراق دا پێی دەڵێین سلاجە، لە کوردستانی ئێران پێی دەڵێن یەخچاڵ یاخود لەم دوایی یەدا ناویان ناوە چاڵە بەفر. بەرای من ئەو شتانە ئەگەر بگێردرینەوە بو ناوە لاتینی یەکەی باشترە کە ئەویش ئەتوانین بڵێین ووشەیەکی جیهانی یە. هیوادارم زورم کات نەکوشتبن و نامەکەم جێگای رەزامەندی ئێوەی بەرێز بێ و هەرچەندە من هیچ شارەزاییم نییە چی لەبارەی زمانەوە چی لەبارەی میللەتەکەمەوە، بەڵام بەگوێرەی توانای خۆم هەولم داوە کەشتێك فێر بم، تۆزێك خزمەتی میللەتەکەم بکەم وەکو ئەرکێکی سەرشانی خۆم و بۆ ئەوەی ویژدانی خۆم رەحەت کەم لە خزمەت بە میللەتەکەم بەڵام هەرئەوەندەم توانیوە و لەمەو دواش درێغی ناکەم لە خزمەت کردن.

من لەلای خۆمەوە بەڵێن ئەدەم کە هەوڵ بدەم بۆ خزمەتی ئەم گۆڤارە وەبۆ بڵاوکردنەوەی و ناساندنی بە خەڵکی کوردە.

ڤێننا

==================

پیرۆزبایی

پیرۆزباییتان لێ ئەکەم، و لە هەموو گەلی کورد، بەدەرجوونی هەڵویست.. گومان نی یە کە هەڵوێست شانازییە بۆ بەڕێوەبەرو لێپسراوانی هەڵویست کە بیروباوەڕێکی پاك و بێ گەرد پێش کەش بە خوێنەری کورد دەکات، ئەوەی بەختەوەر بێت لێیان کە گۆڤارەکەی بەدەست بکەویت.. ژمارەی یەکەم و دووەمی هەڵویات، ئەو دوو ژمارەیە کەتا ئێستا بەرچاوم کەوتوون، خوینێکی نوێ و تازە دەڕوێنن لە گیانی کەلتووری و سیاسی و گشتی نەتەوەی کوردا. گەر ئەم خوێنە بگات، پشتیوان بەخوا هیوادارین بگات، بەگیانی تێکۆشانی لاوان لە هەموو کوردستان ئەوا گومان نییە کە خەباتی گەنجانی کوردستان پێ دەنێت بە قۆناغێکی بەرز ترو بەهێز ترو لە پێشتر.. داواکارین لە یەزدان و لە هەموو دڵسۆزانی کوردستان و مرۆڤایەتی کە دەس بنین بە باڵتانەوە بۆ هەڵگرتنی چرای رووناکی هەتا ئەزەل... برایانی ئازیز: بانگەوازەکەتان لە پێناوی کۆنگرەیەکی فراوانی گەلی کوردستان دا ( هەڵوێست ژمارە 2 ، 198 لاپەرە10 - 32 ) جێی شانازییەکی تایبەتی یە.. بانگەوازێکی مێژوویی یە کە دەمێکە دەبوایە لە گوێن بوایەو کاری بۆ بکرایە . ئێستاش لەم سەردەمەی ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستا کە خەباتی جەماوەری کوردستان و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتی پێیدا دەڕوات، هاتنەکایەی بانگەوازەکە گرنگێکی مەزنی هەیەو پێداویستێکە کە نابێ سڵی لێ بکرێتەوە، داواکارێیکی دەروونی هەموو مرۆڤی چەوساوەی کوردستانە.. هیوادارین و داواکارین لە یەزدان کە رێگا نیشانی هەموو لاێیك بدات کە هەموو هێزە سیاسی یەکانی کوردستان و رۆشنبیران هێزو توانای خۆیان بخەنە پاڵ یەك لە پێناوی ئەو هەنگاوەدا... نابێت بوونی تاقمی جیاواز لە نێوانماندا ببێت بە تەگەرە لەپێش خۆ دەربڕینمان وەك یەك گەل کە یەك چارەنووسمان هەیە دووچاری هەمان دەردەسەری و زەلیلی و چەوساندنەوە و کوشتار و بڕین و وێران کردن بووین.. لە ناو هەموو میللەتەکانی جیهاندا تاقمی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی و کەلتووری جیاواز جیاواز هەیە و ئەنجامەکانیان لێك جودان بەڵام بوونیان لە قەوارەیەکی ناسراو بە ناوی میللەتێك کەسایەتییەك (شەخصیەتێك) شوێن پێیەك و سەنگێکی خۆی داوە پێیان.. مێژوو وای دەردەخات کە گەلان هەن بە بوون ویەك بونی چینەکانیەوە، هیچ گەلێك نیە کە تەنها یەك چین و یان تەنها لە یەك تاقمی ساف پێك هاتبێ نە لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە و یان ئابووریەوە و یان سیاسیەوە و یان بیر و باوەڕ و یان ئاینییەوە.. مێژوو وای دەردەخات کە ئەو گەلانەی دووچاری دابەش کردن و سەرگەردانی و چەوساندنەوە بوون هەروا دەمێننەوە ئەگەر خۆیان بە هانای خۆیان نەگەن، بەڵێ ئەگەر خۆیان بە هانای خۆیان نەێین کەس بە فریایان ناگات.. تاکو ئێستا دەستە و حیزب و تاقم و عەشیرەتین، تا نەبین بە "کورد" هەر لە سەرگەردانیدا دەبین.. بۆ ئەوەی سوود لە یارمەتی و هاوکاری لەگەڵ خەڵکدا، ئەگەر خەڵکی وا هەبێت، وەرگرین و دەربازبین لە سەرگەردانی و چەوساندنەوە، پێویستە "کورد" بین ئەگینا سوودی یارمەتی و هاوکاری خەڵکی لەگەڵ

ئەم تاقمە و ئەو حیزبە و ئەم دەستەیە هەر بۆ ئەو تاقم و حیزب و دەستەیە دەبێت نەك بۆ كورد و لە ئەنجامدا سەرگەردانی هەموومان بە هەموو لایەكمانەوە بەردەوام دەبێت.. لەڕووی ئیعلامیشەوە ئەگەر كێشەی چەوساندنەوە و دەردەسەتیمان دەرخەین بۆ جیهان لە ژێر یەك چەتری "كورد و كوردستان" ئەوا زیاتر بەزەیی و یارمەتی ڕادەكێشێت لەوەی ئەم تاقمە كوردە ئەو كۆمەڵە كوردە و ئەو چینە كوردە و دژی ئەم میرییە و ئەو حوكمەتە.. و.. هتد. نمونەیێكی مێژوو لێرەدا ڕەنگە بەكەڵك بێت.. گەر لە سەدەی ڕابووردوودا بانگەوازەكەی ثیودرۆ هیرتزل و هاورێكانی نەبوایە و كۆنگرەی سەهیۆنیزم جوولەكەی كۆنەكردایەوە ئەوا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا جوولەكە نەیدەتوانی وولات و نیشتمانی خۆی دروست كات.

پێویست بە باس ناكات كە ئاوات و ئامانج و كەرەسە و ئەسبابی كورد و بانگەوازی كۆنگرەی فراوانی گەلی كوردستان جیاوازە لەهی جوولەكە و سەهیۆنیزم بەڵام گەر سەرگەردانی و بێ دەسەڵاتی و بێ وولاتی (دەوڵەت) ئێستای ئێمە لەهی سەدەی ڕابردووی جوولەكە بچێت ئەوا ئەگەر، لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا، بە دوای ئەم بانگەوازەوە نەچین كە كۆنگرەیەكی فراوانی كوردستان بگرین ئەوا لە سەدەی بیست و یەكەمدا دۆخمان لەمڕۆ باشتر نابێت و ئەگەر خراپتر نەبێت...

ئەگەر هیچ نەچێنیت ئەوا هیچ نادروویتەوە، ئەگەر باش بچێنیت ئەوا بۆت هەیە باش بدوریتەوە... بۆ پێشەوە ئێوە گەشە بدەن بە خەباتی ئازادیخوازی مرۆڤ و پاراستنی ڕاستی و حەق و عەدالەت......سەركەوتن وەدی دێت..

دكتور جوامێر عبدالرحمان
بەریتانیا

---

بانگەوازی كۆنگرەی گەلی كوردستان

سڵاوێكی گەرمی پڕ لە تێكۆشان

بانگەوازێكی وا فراوان بۆچوونێكی ڕاست نییە و دوورە لە شیكردنەوەی زانستییانە. دەبوایە لە جیاتی ئەو داوا گەورەیە لە خۆتانەوە دەستان پێ بكردایە. چ بۆ یەكخستنەوەی نووسەرانی كورد لە ئەورووپا بۆ پێك هێنانی فیدراسیۆن یان كۆنفیدراسیۆن. چونكە ئێوە لە ئەورووپادا دەژین! وە بە كورتی ئەو بانگەوازە بە یەك كەس و دوو كەس ناكرێ و ناتوانن جەلال و مەسعود بەیەكەوە دابنیشێنن.

وەك خۆتان دەڵێن سەدەی بیستەم گۆڕی بە چەرزی خەبات و گۆڕین و ئازادی داوە، بەڵام هەر كوردستانتان بینیوە و بینینی جیهانتان وەك بە سێ بەش نەبینیوە. كە دوو بەسی یەكەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێری كرێكارانی دەوڵەتە سەرمایەدارەكان و دەوڵەتە سۆشیالیستەكانن. وە بەشی سێهەمیش دەوڵەتەكانی جیهانی سێهەمن كە گەلی كورد خۆی تێدا دەبینێتەوە. بۆیە دەبێ چاك شی بكرێتەوە و دەستنیشانی ئەوە بكرێ كە تا

ئێستاش دەرەبەگایەتی پاشماوەی ماوە و بەربەرەکانی بۆرژوازی کورد دەکەن و ئەوانیش بە پێچەوانەوە.

ئەو کورتەیە بۆ ئەوە دەخەمە پێش چاوان، کە پێویست ناکات ڕووی مێژوویی وەك داستانێك بخەنە بەرچاو بۆ مەبەستێکی ئاوا. چونکە ئەو کەسەی دەستی قەڵەم و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە ڕامیاریەکان کار بکات، یان کاری کردبێت و ئەم بانگەوازەی ئێوەی ئاڕاستە کرابێ، ئەوانە دەزانن. دەبوایە لە جیاتی ئەوە وەك لەسەرەوە پەنجەم بۆ ڕاکێشا، شیکردنەوەیەکی زانستییانەی ناو کۆمەڵگای کوردستانتان بکردایە. وە ئەگەر پرسیارێك ئاڕاستەتان بکرێ و بڵێن: ئا لەم ڕۆژەدا چەند زانیاریتان لە بەشە پارچەکراوەکانی تری کوردستان هەیە و چەند لەناویاندا هەڵساون و چەند دانیشتنتان لەگەڵ کردوون؟ چۆن وەرام دەدەنەوە؟..

دەربارەی ئەو ڕوانینەی ڕۆڵەکانمان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بۆ سەدەی بیست، ئێمە چیمان بەو مێژووە ووتووە کە ئێوە بە شانازییەوە باسی لێ دەکەن، بێ گۆمان ئەوانیش هەر وا دەبن. چۆن مێژوو ڕەوتی پێشکەوتنی بەدەست خۆیەتی نەك بەدەست چەند کەسانێك. وە خێرا کردنی ئەو ڕەوتە بە پارت و کۆنگرە و دانیشتن نابێ بەڵکو بە کامڵی و هۆشیاری کۆمەڵ خۆی دەبێ، بە پەڕینەوەی بەسەر پردی پرۆلیتاریدا کە گوێزەرەوەی نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیستە. دەبوایە ئێوە زیاتر قووڵببوونایەتەوە لە مانای شۆڕشی تەواو کە پێویستییەکی ئەو کوردستانەیە کە بۆی دەگرین، وە باسی توند بوونی دژایەتی نێوان هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانتان بکردایە. چوونکە ئەوە گیروگرفتی سەرەکەییە نەك سۆز و بۆجوونی نەتەوەیی.

لە لاپەڕە یازدە و دوازدەدا چەند جارێ دووپاتی دەکەنەوە کە دەزانن ئەوە وایە وە ئەوە وانییە تا دێنە سەر ئەوەی کە دەڵێن: (دەزانین کە ئەمڕۆ جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان لە پلەیەکی باڵای هوشیاری و تێگەیشتندان و دەتوانن ڕێبازی خۆیان دیاری بکەن(

باشە گەر ئەوە بۆچوونتانە ئەی بۆ ناتوانن دیاری بکەن؟ئەی بۆ ناتوانن لە هەریەکێ لە بەشەکانی کوردستاندا نەك کوردستانی فراوان، کۆنگرەی یەك بەرەیی بگرن کە بێگومان زانستی ترە لە کۆنگرەی کوردستانی فراوان و گەر بازی بەسەردا بدرێ مل شکاندنی تێدایە.

لە کۆتایی ئەم کورتە وەڵامەمدا ئەوەندە دەڵێم، دڵسۆزی لەو بانگەوازەدا بە دی دەکرێ و گریان و لاوانەوەی زۆری تێدایە بۆ کوردستان. بەڵام بۆچوونی هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی و تەسکایەتی نەتەوەیی زۆر بە زەقی تێدایە و، ئەوەتان لە یاد کردووە کە لەناو هەر نەتەوەیەکدا دوو نەتەوە هەیە و، ئاڵا و دەوڵەت هیچ بۆ ڕەش و ڕووتی گەلەکەمان ناکات، گەر لەسەر مەرج و بنەماکانی مارکسی لینینی بیرنەکەینەوە و خۆمان فێر نەکەین. چوون ئەوەندە دەڵێم ئایا ڕژێمی بەغداد چی بۆ ڕەش و ڕووتی عەرەب کردووە؟ کە لە هەمان کاتدا داوای یەکێتی عەرەب دەکات.

ئیتر سوپاس و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و ئامادەی هەموو یارمەتیدانێکم لە پێناوی هەردوو کێشە سەرەکیەکەی گەلی کورد لەم سەردەمەدا کە کێشەی نەتەوایەتی و چینایەتیە.

هاوڕێ
بەریتانیا
=================================================================